کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە | ژمارە ١٤ | پێنج شەممە ١٣٨١/١٢/١ | Feb ,20th ,2003

١٣٠ هەمین سالڕۆژی کۆمۆنی پاریس

(( ئەگەر کۆمۆن سەرکوت بکرێ.لەم حالەدا خەباتی کینەیی دەگوازرێتەوە بۆ کاتێکیتر.ئۆسولەکانی کۆمۆن هەتا هەتائیە و زیندوون و سەرکوت ناکرێن.ئەوان بە شێوەیکی بەردەوام خۆیان بەرەو پێش دەبەن،تا ئەو کاتەی کە چینی کرێکار ڕزگار بێت. ))

( کارل مارکس )



یەکەمین حکومەتی کرێکاری جیهان لە پەروەردەکانی پتەوی ئەو و لە خەباتی بێ وچانی چینی کرێکار دژی سیستەمی ڕزیوی سەرمایەداری زیندووە.

بەرێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا

لاپەرەی ٤ ، ٥

یادی شەهیدانی ڕێکخراو ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە

لاپەرەی ٦

یادی فیدایی شەهید هاورێ مەزن مەسعوود ئەحمەد زادە

لاپەرەی ٧ ، ٨

چەپەکانی ئوروپا و . . .

لاپەرەی ٨ ، ٩

بلاو کردنەوەی موخەدیرات و . . .

لاپەرەی ٩

ووشەی سیاسی

لاپەرەی ١٠

# ٨ی مارس ( ١٧ی رەشەمە ) ڕۆژی جیهانی ژنان ، ڕۆژی خەبات دژی زۆلم و چەوساندنەوە

هەشتەمی مارس بەرانبەر بە ١٧ی رەشەمە ، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی ژنانە . ٩٩ ساڵ بەر لەمە لە ئاوا ڕۆژێك ژنانی نیویورك بە سازدانی گەورەترین خۆپیشاندانی سەدەی ڕابردوو ، دژی چەوسانەوەی لە رادە بە دەروکاری تاقەت پڕۆکێنی ١٢ کاتژمێری و هەروەها بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان ، دەنگی خەباتگێرانە و پڕ خرۆشی خۆیان بە گوێ هەموو خەڵکی دونیا گەیاندن . ئەگەر چی داخوازیەکانی ئەوان لە هەمان قۆناخ دا وەدی نەهات ،بەڵام سەرەتایێك بوو کە لە بەردەوام بوونی خۆی ، ئەم ڕۆژە مەزنەی کردە خالێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ژنانی جیهان . ژنانی خەباتگێری ئامریکا توانیان لە درێژەی خەباتی خۆیان ، داخوازیەکانی ڕەوای خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری واتە میرات خۆری هەموو نکبەتەکانی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ، وەدەست بێنن و ترس و دڵەراوکە بخەنە ناو دڵی سیستەمی ڕزیوی دەسەڵاتدار . بۆیە لە ساڵی ١٩١٠ی زائینی بە پیشنیاری کلارا زیتکین ( یەکێك لە مەزنترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەلمان ) و بۆ ڕێز دانان لە خەباتی قارەمانانەی ژنانی ئەمریکا لە ٨ی مارسی ١٩٠٤ی زائینی کە لە درێژەی خۆیدا لە جیهاندا بلاو بووەوە ، و داخوازیەکانی ئەوانی کردە داخوازی گشتی خەباتی ژنان لە سەرانسەری جیهان ، لە کونفرانسی نێونەتەوەیی ژنان لە کوپنهاك ، ٨ی مارس وەك ڕۆژی جیهانی ژنان لە خەبات بۆ رزگاری ڕاگەیاندرا و لەم ڕێکەوتە بە دوادا هەموو ژنانی جیهان بە سازدانی خۆپیشاندان ، مانگرتن ، و میتینگ



لە سەرانسەری جیهان و بە هەر شێوەیکی مومکین ڕێز لەم ڕۆژە شکۆدارە دەگرن و خەباتی خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری و هەموو پاشماوەکان و ئاسەوارەکانی سیستەمەکانی کۆن و ڕزیو تووند دەکەنەوە و بەم شێوەیەدا نارەزایەتیەکانی خۆیان دژی بێ مافی نێویك لە کۆمەڵگا وەك یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی روو بە مەرگی جیهانی سەرمایەداری نیشان دەدەن . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی نیشاندەری ریسوایی هەتا هەتایی بچووك ژمێردنی ژنان لە لایەن چینەکانی دەسەڵاتدارە . لە هەمووی ئەم کۆمەڵگایانە ژنان لە بواری جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی لە پلەی دووهەم دانراون و وەك مرۆڤێکی لاواز کە تەنیا دەتوانێ پەروەردە کردن و سەرپەرەشتی مندالانی خۆی بە ئەستوو بگرێ ، چاوی لێ کراوە . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ئاوا کە نیشاندەری ئالوگۆری شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤەکانە ، بە هەمان شێوەیش نیشاندەری فراوان بوونی شێوەکانی بچووك ژمێردن و لە دوا ڕاگرتنی ژنانە . ئەگەر لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ژن وەك مرۆڤێکی بێ مێشك و کۆیلەی هەتا هەتایی پیاو دەژمێردرا ، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرەرای پەروەردە کردنی هێزی کاری هەرزان بۆ بازاری کاری سەرمایە ، خۆیشی وەك هێزی کاری پاشکەوت

کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !

چاوی لێ دەکرێت . سیستەمی سەرمایەداری هەموو بچووك ژمێردنەکانی مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی لە بچووك ژمێردنی ژن لە گۆرەپانی بەرهەم هێنان و بە دانی حەق دەستی کەمتر و پێك هێنانی نابەرانبەری تەنانەت لە دانی لانی کەمی دەس رەنجی ئەوانیش نیشان دەدات و لە بەرانبەر کاری یەکسان و بەرانبەر لە گەڵ پیاوان ، حەق دەستی کەمتر بە ژنان دەدات . ئەگەر تایبەتمەندی ژنان لە کۆمەڵگاکانی پێش لە سەرمایەداری ، دیل بوونی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی کاری ناو ماڵ و دابەزینی ژن تاکو پلەی بەرهەم هێنەری نەسڵی مرۆڤــ بوو ، بە گەشە کردنی تەکنیك و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای بورژوایی ، ژنان سەرەرای دیل بوون ، هەروا لە هەمان چوارچێوەکانی پێش دا لە بوارەکانی تریش بچووك دەکرێن . کار لە خراپترین هەل و مەرجەکان و بە کەمترین رادەی حەق دەس لە کارگە و کارخانەکان تەنیا بەشی ژنان لە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای بورژوائیە .

هەزاران ساڵ بچووك ژمێردن و ئیهانە و سوکایەتی کردنی بە نیویك لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا ، ئاوا پوتانسیلێکی شۆرشگێرانەی لە ژنان پێك هێناوە کە تەقینەوەی تێگەیشتوانەی ئەو لە رەوتی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی ، هێزیکی مەزن بۆ رزگاری لە هەموو نکبەتەکانی سەرچاوە گرتوو لە بێ بەزەئیانەترین شێوەکانی چەوسانەوەی چینایەتی ئازاد دەکات و لە خزمەتی رزگاری هەموو بێ بەشانی کۆمەڵگا دادەنێ . لە سەرەتای گەشەسەندنی سەرمایەداری ژنان و منداڵان وەك (( ئەرتشی پاشکەوتی کار )) لە کارخانە و مەزراکان و لە ژێر تازیانەی کاری تاقەت پرۆکێنی شەوانە و رۆژانە و بە توندترین شێوە چەوسێندرانەوە ، لە هەمان حاڵدا وەك شمشێری داموکلسێك دەژمێردران کە بورژوازی بۆ توند کردنی ستەم و چەوساندنەوە و زەخت هێنان بە سەر پیاوانی هاوچینی ئەوان بە کاریان دەهێنا . بەڵام بە گەشە سەندنی رۆژ بە دوای رۆژی سەنعەت ( پیشە ) و پەرەساندنی گۆرەپانی بەرهەم هێنان ، لە گەڵ هێنانی هەر چی زۆرتری ژنان بە گۆرەپانی بەرهەم هێنان ، و لە پاڵ ئەوێدا خەباتی پەرە ئەستێنەری کرێکاران دژی سیستەمی سەرمایەداری ، بورژوازی مەجبوور کرا تاکو هندێك مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان بە رەسمی بناسێ . ئەگەر چی ئەم مافانە تەنیا بەشێك لە مافەکانی ژنان وەك نیویك لە حەشیمەتی کۆمەڵگا دەژمێردرێ ، بەڵام لەم چوارچێوەیشدا تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری ، وە دیهاتنی هەموو مافەکانی ئەوان هیچ کات لە لایەن بورژوازی دابین نەکراوە . بەڵام لە گەڵ زۆرتر بوونی رۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ، دەرچوونی ئەوان لە سنووری تەسکی کاری ناو ماڵ و کۆ بوونیان لە کارخانەکان ، بووە هۆی ئەوەی کە ژنان هەرچی زۆرتر بە گۆرەپانی خەبات پەیوەست بن و بە گوشت و پێستی خۆیان هەست بە پێویستی خەبات بۆ رزگاری لە قەید و بەندەکانی سیستەمی نکبەت باری سەرمایەداری بکەن .

بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی لە سەرەتای خەباتی ئەوان زۆرتر بۆ وە دست هێنانی مافەکانی دیموکراتیك بوو ، بەڵام لە گەڵ گەشەسەندی سەرمایەداری و بەشداری راستەوخۆ و بەربڵاوی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ، توند بوونی ستەم و چەوساندنەوە سەرەرای ستەمی پیاو سالاری ، بووە هۆی ئەوەی کە خەباتی ئەوان زۆرتر لەوەی کە لە پێش دا بوو لایەنی چینایەتی بە خۆیەوە بگرێ و کینەی سەرچاوەگرتوو لە حکومەتی بەربەریەت و وەحشیگری کۆمەڵگای چینایەتی لە گەڵ کینەی چینایەتی لە ژنان پێوەندێکی جیا نەکراو پێکەوە ببەستێ. بێ گۆمان خەباتی ژنان لە تەواوەتی خۆی خەباتێکی دیموکراتیکە ، چونکە لە قۆناخی یەکەم دا دەبێ ئەو مافانەی کە هەزاران ساڵ کۆمەڵگای چینایەتی بە فەرهەنگی پیاو سالاری پێشێلیان کردوون ، وە دی بهێنێ . بەڵام هەڵەیە هەر کات ئاوا بیر بکەین کە ئەم خەباتە لەم چوارچێوە و تەنیا بەم داخوازیانە دەتوانێ بە ئاکامێکی سەرکەوتووانە بگات و ئامانجەکانی سەرکەوتووانەی لە بەر دەم خۆی . لە دەورانی ئیمپریالیزم هەر ئالوگۆرێکی دیموکراتیك تەنیا لە چوارچێوەی شۆرشەکانی پرولەتری مانای خۆی دەدۆزێتەوە و لەم روانگەیە دا وە دیهاتنی بە تەواوی مافەکانی کۆمەڵایەتی ژنان جگە لە شۆرشی پرولەتری مومکین نیە . لە لایکی دیکەوە سەرکەوتنی حەتمی ئەم شۆرشانە بە بێ بەشداری چالاکانە و راستەوخۆی ئەم نیوە لە کۆمەڵگا مومکین نیە . بە بێ تێکەڵاو کردنی ئەم خەباتە بۆ لابردنی ستەمی دووقات لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ، بە خەبات بۆ لە ناو بردنی ئەم سیستەمە چەوسێنەرانەیە ، هێزی گەورە و پوتانسێلی بە هێزی خەباتی نیویك لە کۆمەڵگا واتە ژنان بە فێرو دەچێ . یەکێك لە پرشنگدارترین نموونەکانی پێوەندی خەباتی ژنان لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاران ، خۆپیشاندانەکانی شکۆداری رۆژی جیهانی ژن لە هەشتەمی مارسی ١٩١٧ لە پەتروگراد بوو . لەم رۆژە دا ژنانی زەحمەتکێشی رووسیا دژی تزاریزم هاتنە ناو شەقامەکان و دژی تزار و شەڕ و برسیەتی و بۆ وە دیهێنانی ئاشتی ، ئازادی خەباتیان کرد. ئەم رۆژە بووە سەرەتای تەقینەوەی کینەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی رووسیا کە لە بەردەوام بوونی خۆی بە سەرکەوتنی شۆرشی فوریە کۆتایی پێ هات و دەزگای دیکتاتوری و چەوساندنەوەی تزاری هەڵپێچا . ئەم نموونەیە و دەیان نموونەیتر لە بەشداری چالاکانەی ژنان لە بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانە ، رۆڵی بەرچاو و گرینگی ژنان لە شۆرشی پرولەتری هەرچی زۆرتر ئاشکرا دەکات.

مێژووی خەباتی چینایەتی لە ئێرانیش هەموو کات تێکەڵ بە بەشداری راستەوخۆی ژنانە لە خەبات دژی سیستەمی سەرمایەداری . ژنانی خەباتگێری ئێران بە شەهامەتی قارەمانانەی خۆیان رۆڵی بەرچاویان لە خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بووە. ئەوان لە رەوتی خەباتی حەماسی خۆیان ، لە ژێر ئەشکنجەکانی وەحشیانەی رێژیم ، لە مەیدانەکانی گوللە باران بیرەوەریەکانی شکۆداریان لە خۆوە بە جێ هێشتووە کە نیشاندەری خۆ راگری و شەهامەتی شۆرشگێرانە و ئیمانی

پتەوی ئەوان بە رزگاری و ڕۆڵی ئەوان لە ڕەوتی خەباتی چینایەتیە . خەباتی بێ وچانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش شان بە شانی پیاوانی چەوساوە ، لە خۆ بردوویی و گیان فیدایی ئەوان لە ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی ( ١٩٨٧ی زائینی ) ، سیمایێکی دیکە لە شەڕی ئەوان دژی ستەم و چەوساندنەوە بە باشترین شێوە نیشان دەدات . ئەگەر لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی سەرمایەداری لە ئێراندا ، بورژوازی بۆ بە دەست هێنانی هێزی کاری هەرزان و هێنانی هەرچی زۆرتری ژنان بە گۆرەپانی بەرهەم هێنان بە مەبەستی چەوساندنەوەی هەرچی زۆرتر ، شانۆێکی مەسخەرەی بە رێ خست و بە هۆی زەخت و زۆر ژنانی مەجبوور کرد تاکو بە پێ یاسای (( لابردنی چارشێو( چادر ) )) چارشێوەکان لە سەر لا ببەن و ڕێژیمی پاشایەتی بە پێ ڕاگەیاندنەکانی بەربلاوی خۆی وەك ئازادی ژن ، ژنانی زەحمەتکێشی بە شێوەێکی دیکە بردە مەیدانی ستەم و چەوساندنەوە ، ئەمرۆکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە تێکەلاوێك لە دواکەوتوویی کۆن لە گەڵ بۆچوونەکانی دەورانی کۆنی مەزهەبی و دیکتاتۆری هەوسار پچڕاوی سەرمایەیە ، ژنانی مەجبوور بە جێ بە جێ کردنی دەیان یاسای دواکەوتووانە و بێ بەش بوون لە هەر چەشنە مافەکانی کۆمەڵایەتی کردووە و هەمان ئامانجەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بە سیمایێکی بە تەواوی جیاواز لە هەل و مەرجی قەیرانی سیستەمی دەسەڵاتدار بەرەو پێش دەبات . ژنانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەشێوەێکی وەحشیانە و بە هوێ سەرکوت بەرەو ناو ماڵەکان و زیندانەکانی ڕەش بە ناو چادر ( چارشێو ) براون . کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە تاکو بە لە ناو بردنی هەرچەشنە مافێك ، قورسایی قەیرانی ئێستای بە داسەپاندنی بێکاری و هەژاری بە سەر بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگا قەرەبوو بکات . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای بە دەسەڵات گەیشتنی سەرەرای هێرش بۆ سەر هەموو دەسکەوتەکانی ڕاپەرین ، هێرشی وەحشیانەی خوێ دژی ژنانی خەباتگێر دەس پێ کرد و بە پێشیل کردنی سەرەتائیترین مافەکانی ژنان ، ڕەشترین بەشی کارنامەی ڕیسوای خوێ نووسی . لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، ئەمرۆ نەك تەنیا لە ئازادی ڕێکخراو ، کوببوونەوە و کار و هتد ... قسەیێك نیە ، و هەر چەشنە ئیمکانی ڕێکخستنی ئاشکرا و ئازادیان لە ژنان لێ زەوت کراوە ، بەڵکو تەنانەت سەرەتائیترین مافەکانی ژنان وەك مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر ، ئازادی مافی جیابوونەوە و هتد ... یش پیان نادەن .

دەستێ وەردانی ئاشکرای مەزهەب لە کاروباری دەوڵەت خەتەرناکترین دوژمنی ئازادی بە گشتی و ئازادی ژن بە تایبەتیە . پێشیل کردنی ئاشکرای مافەکانی ژنان لە ئێران خۆی لە دارشتنی یاساکانی دواکەوتووانەی وەك داپۆشینی بە زەخت ( حجاب اجباری ) ، بەرد بارانی ژنان ( سنگسار ) سیغە ( صیغە ) کە شتێك جگە لە لەش فرۆشی یاسایی نیە نیشان دەدات .

لە حکومەتی ئیسلامی ژن تەنیا ئامرازی جینس کردن و بەرهەم هێنانی منداڵە ، نەك مرۆڤێك کە دەتوانێ و دەبێ شان بە شانی پیاوان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی بەشداری بکات و لە ماف و جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی یەکسان لە گەڵ ئەوان بەهرەمەند بێت .



## بەبوونەی ٢٥مین ساڵروژی بلاو کراوەی

١٩ی ڕەشەمە ٢٥مین ساڵروژی بلاوکردنی بلاوکراوەی کار ئورگانی ڕێکخراوی ئێمەیە.
٢٥ سال بەر لەمە لە هەل و مەرجێکی ناسك لە ژیانی ڕێکخراوی فیدایی کار بلاوکرایەوە . ڕاپەرینی کۆمەلانی خەڵك تێپەر بوو بەلام هێشتا گەرمای ئاگری ڕاپەرین لە دەمارەکانی کۆمەڵگای ئیران دەگەرا و ڕێکخراوی فیدایی پێی نایە قوناخێکی نۆی لە ژیانی خۆی .هێزێکی گەورە لە کرێکاران و زەحمەتکیشان و روناکبیرانی کۆمەڵگا بە دڵ و گیان ، ئامانج و ئارەزوەکانیان لە ئامانجەکانی ئەو دەبینین .
بناغەی بلاوکراوەی کار لە ئاوا ڕۆژانێك دانرا ، تاکو زمان و ئورگانی ڕێبەرایەتی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و روناکبیرانی کۆمەڵگا بێت.
ئەرکێك کە لە مەودای ٢٥ ساڵی ڕابردوو هەموو کات بە سەر شانی خۆی رای‌کێشاوە و هەروا بە ئەو وەفادارە ، و بە شێوەێکی ئەساسی هوێ مانەوەی خۆی لە بە ئەنجام گەیشتنی ئاوا ئەرکێك دەبینێ.

هیوادارین بلاوکراوەی کار لە ٢٥ مین ساڵرۆژی بلاو بوونەوەی خۆی هەر چی زۆرتر تێ بکۆشی تاکو ببێتە ئورگانی ڕێبەرایەتی خەباتی کۆمەلانی خەڵك دژی دواکەوتوویی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگای ئێران ، و بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و سوسیالیزم تێ بکۆشێ و لە سەر ئەرکی سەرەکی خۆی و نەریتەکانی هەمیشەیی خۆی و ئارمانەکانی کۆمەلانی خەڵك سوور و پێ داگیر بێت .

(( دەستەی نووسەرانی ڕێگای گەل ))

# به ڕێوه بردنی بڕیاره‌كانی سه‌ده‌ی ناوه‌ڕاست له‌م سه‌ده‌یه‌دا (( به‌شی كۆتایی ))

## ١- به‌ هێز كردنی ڕێكخراوی تیرور و به‌ندیخانه‌كانی كاتی ترسناك

سیسته‌می ئیتلاعاتی ( زانیاری ) ڕێژیم تووشی زنجیره‌یێك ناكۆكیه‌كانی ناوخۆیی بوو و به‌شێك له زانیاری و چالاكیه‌كانی تیرور ئاشكرا بوو و هندێك له هێزه‌كانی ئه‌و ناسران . پیوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی ڕێكخراوی تیرور له گه‌ڵ وه‌لایه‌تی فه‌قیح ، هاشمی ڕه‌فسنجانی و مه‌دره‌سه‌ی حه‌قانی و كرده‌وه‌ی ئه‌و ته‌نانه‌ت بۆ هێزه‌كانی ڕێژیم بووه هوێ بێ ناسنامه‌یی ته‌واو له به‌رانبه‌ر بیر و بۆچوونی گشتی كۆمه‌ڵگا . هێزی ده‌سه‌ڵاتدار ده‌یهه‌ویست ڕێكخراوی تیرور و زانیاری ( ئیتلاعات ) دامه‌زرێنێ . ڕێژیم به كه‌ڵك وه‌رگرتن له ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و به‌شێك له هێزه‌كانی وه‌زاره‌تی ئیتلاعات ڕێكخراوی تازه‌ی ئیتلاعاتی ڕێكخست و ڕاهێنانی ڕێكخراوی تیروری ڕاسته‌وخۆ به ده‌سته‌وه گرت . و به‌شێك له زیندانه‌كان و به‌ندیخانه‌كانی كاتی و شوێنه‌كانی ئه‌منی دایه ده‌ستی ڕێكخراوی ئیتلاعات . هه‌موو چالاكیه‌كانی گرتن و لێكۆڵینه‌وه و وه‌رگرتنی زانیاری له نه‌یاران و ڕه‌خنه‌گرانی ڕێژیم له لایه‌ن ئه‌م ڕێكخراوه به شێوه‌یێكی به ته‌واوی نهێنی جێ به جێ ده‌كرێ .

## ٢- ڕێكخستنی سه‌ركوتی بزووتنه‌وه‌كان و ڕێكخراوه‌كانی شۆڕشگێر و ئازادیخوازان له گه‌ڵ جوولانه‌وه‌كانی نارەزایی خوێندكارانی زانكۆكان و ئازادیخوازان و نارەزایه‌تیه‌كانی كۆمه‌لانی زه‌حمه‌تكێش .

كۆمه‌ڵگا زۆر ڕووداوی له داوێنی خۆی په‌روه‌رده و كۆ كردووه ، بزووتنه‌وه‌ی دانشجوویی له پیوه‌ند له گه‌ڵ چینه‌كانیتری زه‌حمه‌تكێش و جوولانه‌وه‌كانی ڕێكخراوی ده‌ره‌وه‌ی وڵات،قه‌یرانێكی قوول بۆ باڵه‌كانی ڕێژیم پێك هێنا . له گه‌ڵ په‌ره‌ساندنی دژایه‌تیه‌كانی ده‌سه‌لات قه‌یرانی كرێكاری جوولانه‌وه‌ی خۆی ڕێكخست و جه‌ره‌سی له ناو چوونی ڕێژیمی لێدا . ڕێژیم ڕێگایێكی جگه له سه‌ركوت بۆ خۆی نابینێ و به‌رنامه‌ی خۆی به شێوه‌ی خواره‌وه جێ به جێ ده‌كات .

ئه‌لف– ڕخنه و دوو به‌ره‌كی خستنه‌وه له ڕیزی جوولانه‌وه‌كانی دیموكراتیك

ب – سه‌ركوتی بزووتنه‌وه‌كان و له ناو بردنی ڕێكخراوه‌كانی شۆڕشگێر و ئازادیخوازان له ناوخۆ ولات

ئه‌لف– ڕخنه و دوو به‌ره‌كی خستنه‌وه له ڕیزی جوولانه‌وه‌كانی دیموكراتیك :

له گه‌ڵ په‌ره‌سه‌ندنی جوولانه‌وه‌كانی دیموكراتیك و جوولانه‌وه‌كانی سینفی كرێكاران و زه‌حمه‌تكێشان ، ڕێژیم توانای سه‌ركوتی به‌ربلاوی له ده‌ست دا و نه‌یتوانی پاشه‌كشه بكات و ئیمتیاز بدات . ڕێژیم ده‌یهه‌وێ ئه‌م جوولانه‌وه به‌ربه‌ست بكات و یان له ناوخۆوه تووشی دووبه‌ره‌كیی بكات و كات و بۆ سه‌ركوتی به‌ربلاو و ئاشكرا به ده‌ست بێنێ . ڕێژیم له‌م كاته‌دا له به‌رانبه‌ر جوولانه‌وه‌كانی دیموكراتیك و سینفی و ڕاپه‌رینه‌كانی شۆڕشگێرانه له ناوخۆی ولات و له لایێكی دیكه‌وه ئاشكرا كردنی سیاسه‌ته‌كانی سه‌ركوت و دواكه‌وتووانه‌ی و جوولانه‌وه‌كانی دیموكراتیكی ڕێكخراو له ده‌ره‌وه‌ی ولات ڕوو به ڕوو بووه . جوولانه‌وه‌كانی ناوخۆیی له ڕێكخستنی خه‌ڵكی به هێز به‌هره‌مه‌ند نیه و جوولانه‌وه‌كان به گشتی له ژێر كاریگه‌ری باڵه‌كانی ڕێژیم و له هه‌مان حاڵدا ڕێژیم ده‌توانێ كۆنترۆڵیان بكات ، بۆیه ماڵی كرێكار ( خانه كارگر ) له سه‌ر جوولانه‌وه‌كانی سینفی كاریگه‌ریی هه‌یه و وه‌ك ئۆرگانی هه‌ست و ڕخنه له بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری چالاكی ده‌كات و جوولانه‌وه‌كانی كرێكاران له نێزیكه‌وه چاوه‌دێری ده‌كات و كرێكارانی پێشره‌و ده‌س نیشان ده‌كات . ده‌فته‌ری ته‌حكیمی وه‌حده‌تیش ( نووسینگه‌ی سه‌قامگیری یه‌كگرتن ) ئه‌ركی كۆنترۆلی دیموكراتیكی دانشجوویی ( خوێندكارانی زانكۆكان ) له سنووری باڵه‌كان به ئه‌ستوویه‌تی و پێشره‌وانی بزووتنه‌وه‌ی خوێندكارانی زانكۆكان ده‌س نیشان و به‌ر به كاریگه‌ری ئه‌وان به سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی دانشجوویی ده‌گرێ . له‌م پرۆسه‌یه‌دا خوێندكارانی زانكۆكان و كرێكارانی پێشره‌و به وشیاری و كرده‌وه‌ی تاقمه‌كانی ڕێژیم له ته‌شكیلاتی باڵه‌كان و جوولانه‌وه‌كانی هاو لایه‌ن له گه‌ڵ ئه‌وان دور ده‌چن و بۆ پته‌و كردنی خه‌باتی شۆڕشگێرانه له سه‌ر ئه‌ساسی قازانجه‌كانی ڕاسته‌قینه خۆیان ڕێك ده‌خه‌ن . ئۆپۆزیسیونی ده‌ره‌وه‌ی ولات له دوو بواره‌وه گرینگن و ده‌توانن له سیاسه‌تی ناوخۆیی و سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ڕێژیم كاریگه‌ریان هه‌بێ . له لایكه‌وه به بوونی ئینته‌رنێت و ئامرازه‌كانی پێوه‌ندی گرتن ، جوولانه‌وه‌كانی نارەزایی جۆر به جۆری ناوخۆیی ولات له دونیا بلاو بكه‌ن ، سیاسه‌ته‌كانی سه‌ركوتی ڕێژیم بۆ بیر و بۆچوونی نیونه‌ته‌وه‌یی و ناوخۆیی ئاشكرا بكه‌ن و گۆڕه‌پان بۆ ڕێژیم و هاوكارانی ده‌ره‌وه‌ی ته‌سكتر بكه‌ن. له لایكی دیكه‌وه به رادیكالیزه بوونی بزووتنه‌وه‌كانی خه‌ڵكی و ڕێكخستنی پێشره‌وانی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه‌ی نوێ و پێوه‌ندی ئۆپۆزیسیونی ده‌ره‌وه له گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی ناوخۆیی خه‌ته‌ری زۆر گه‌وره بۆ ڕێژیم پێك بێنن . له‌و جێگایه كه كۆماری ئیسلامی توانای له ناو بردنی ڕێكخراو و گرووپه‌كانی سیاسی و جوولانه‌وه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی ولاتی نیه ، كرده‌وه‌كانی تازه ئه‌نجام ده‌دات .

١- تێك دانی پێكهاتی په‌نابه‌رانی ده‌ره‌وه‌ی ولات

٢– ڕخنه كردن له ته‌شكیلاته‌كان و كۆ كردنی زانیاری سه‌باره‌ت به پێوه‌ندیه‌كان و تیروری ئه‌ندامانی چالاكی بزووتنه‌وه .

ب– سه‌ركوتی بزووتنه‌وه‌كان و له ناو بردنی ڕێكخراوه‌كانی شۆڕشگێر و ئازادیخوازان له ناوخۆی ولات .

ڕێژیم له ده‌وره‌ی كه‌ش و هه‌وای داخراوی سیاسی

نەیتوانی هێزەکانی پێشڕەو بە شێوەیکی هەموو لایەنە سەرکوت بکات و بە بێ توانایی لە چارەسەری قەیرانی هەموو لایەنە ، کەش و هەوای سیاسی کۆمەڵگا تینێکی تازەی بە خۆوە گرت و نارەزایەتیەکان و جوولانەوەکانی سینفی و سیاسی بە شێوەیکی بەربلاوتر سەری هەڵدا . تیئوریسیەنەکانی ڕێژیم و گەلالە دارێژەرانی هاوبەشی دەرەوەی ، سیاسەتی ئازاد کردنی ڕێژەیی و لە ژێر کۆنترۆڵیان خستە دەستووری کاری خۆیان . ماوەیێک کەش و هەوای کراوەی سیاسی بۆ باڵەکانی ڕێژیم پێك هێنان و خەریکی پەرەپێدانی تەشکیلاتی خۆیان بوون و لە ڕێگای ئەم تەشکیلاتانە دەستیان دایە جوولانەوەکانی نارەزایی و سەر بە باڵی خۆیان و ناویان وەك ئۆپۆزیسیونی ناوخۆیی داخست و ڕێژیم لەم ڕێگایە توانی بە شێوەیکی کاتی جوولانەوەکانی نارەزایی لە هێلی قازانجەکانی گشتی ڕاهێنێ و بزووتنەوەی نارەزایی لە ڕێکخستنی سەربەخۆ لە دەسەلات بێ بەهرە و دووری بخات و خۆی وەك ناوەندی بزووتنەوەکانی دیموکراتیك نیشان بدات و پۆتانسێلی هێزەکانی نێزیك بە دەسەلات هەڵسنگێنێت . بە هێرش کردنەوە بۆ گەرەکی زانکۆ لە تاران لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ( ١٩٩٩ی زائینی ) ئەم شانۆەی ڕێژیم ئاشکرا بوو و ڕێکەوتنەکانی تاقمەکان لە گەڵ شکست ڕوو بە ڕوو بوو و نارەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆکان شێوە و شێوازی بەربلاوتری بە خۆوە گرت و لە شێوازی خەباتی ناو شەقامەکان دژی تەواوەتی ڕێژیم درێژەی پێ درا . بە هێرشی هەموو لایەنەی باڵەکان ، باڵی خەتی ئیمامی دووی جۆزەردان لە بەرانبەر بزووتنەوەی نارەزایی ڕاوەستا و سەرکوتی کرد . لە درێژەی ئەم هێرشەدا ڕۆژنامەکان یەك بە دوای یەکتر کەوتنە بەر هێرش و داخران و ڕۆژنامە نووسان و نووسەرانی ڕەخنەگر کەوتنە زیندان . بە دەسگیر کردنی ئەندامانی نەهزەتی ئازادی و ئەوانەی کە ناسراو بە میللی– مەزهەبی بوون و لێکۆلینەوە و تەواب کردنیان، ڕێکەوتنەکانی نێوان باڵەکان کۆتایی پێ هات و سیاسەتی هێرشی ئاشکرا لە ڕێگای ڕێژیم جێ بە جێ کرا . لە گەڵ بانگ کردنی زیندانیانی سیاسی پێشوو و کەسانی ڕوشنبیر و لێدانی تازیانە بە ئاشکرا و لە بەرانبەر چاوی خەڵك و جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی قەساس و بەردە باران کەش و هەوای ترس و تۆقاندنیان بە سەر کۆمەڵگا داخست . لە گەڵ جوولانەوەکانی ڕیك خراو ، هێزەکانی جۆر بە جۆر بە تومەتی شەڕ دژی خوا ( محارب ) و بێ ئەخلاق ( مفسد ) ئیعدام کران و لە گەڵ بە ڕێ خستنی هێزەکانی جل و بەرگ مەدەنی و ئەنساری حیزبوڵلا کەش و هەوای پۆلیسی و سەرکوتی تووند کرد و شەوان خەریکی بە داو خستن و گرتنی هێزەکانی شۆرشگێر و ئازادیخواز بوون . ڕێژیم بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئاخرین شێوە و شێوازی خۆی تاقی دەکاتەوە . هێزەکانی سەرکوت و دادگاکان چالاك ، قەیرانی سیاسی و کۆمەلایەتی توندتر دەکات و بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانی ئابووری و جیاوازی و نێوانی چینایەتی زیاتر و دژایەتی چینایەتی قووڵتر دەکات . هەر ڕۆژ کرێکاران و زەحمەتکێشانی زۆرتر بێکار و کارخانەکانی زۆرتر دادەخات . لە گەڵ لە ناو چوونی کشت و کاڵ و شکستی سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان ، دەستەکانی زۆرتر لە دەرچووانی زانکۆکان بێکار دەبن . سەرمایەداری جیهانیش بە بێ متمانەیی لە ڕێژیم ڕووی هێناوەتە ڕێکەوتننامەکانی ئیمپریالیستی بێ خەتەری بای– بەك ( Bay back ) و داهاتووی ئێرانی بەرەو لە ناوچوون دەبات و دەس بە سەر داگرتنی نەوت و گاز ئامانجی ئەوانە . ئیمپریالیزم بە دانی یارمەتی بە حکومەتی خەلیفە گەری ڕێژیمی مەزهەبی لە ئێران مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکە پێشێل دەکات .ڕێژیم ئێستا تووشی دژایەتیەکانی قووڵی پێکهاتیە و هیچ جۆرە ڕێگایێکی جگە لە ڕووخانی نیە . هەر ڕێکەوتنێکی نوێی باڵەکان شکست دێنێ . لە لایێکی دیکەوە بزووتنەوەکانی کۆمەلایەتی و خەڵکی لە ڕێگا دایە . بززوتنەوەی کرێکاری لە جوولانەوەکانی سینفی تێپەریوە و ڕووی هێناوەتە خەباتی چینایەتی و خوازیاری ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداریە و بە پاشکەوتێك لە ئەزموونەکانی دەورانی ڕابردوو ، بنیاتەکانی کۆمەلایەتی خۆی وەك شوورا ، سەندیکا ، یەکیەتیەکان و بلاو کراوەکان و . . . بە هێز دەکات . خەبات دژی هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوە و هەر جۆرە ئەشکنجە و ئیعدام و جیاوازی جینسی ، ڕەگەزی ، قەومی و ڕێزدانان بە مافەکانی نەتەوەکان ئەرکی هەموو هێزەکانی شۆرشگێر و دیموکرات و هەموو ئازادیخوازانە . هێزەکانی دیموکرات و شۆرشگێر ڕێکەوتننامەکانی ئیمپریالیستی ئاشکرا دەکەن و دژی ئەوان خەبات دەکەن و ڕێکەوتننامەکانی نهێنی و دیل کەرەوەی ئیمپریالیزم لە گەڵ تاقمەکانی مافیای دەسەلاتدار بە سەر ئێران ئاشکرا و بێ بایەخ دەکەن .

پاشماوەی بلاوکردنی موخەدیرات و . . . ( لاپەرەی ٩ )

یاساکانی کۆماری ئیسلامیش بە بێ ئەوەی کە کارێکی بە سەر سەرچاوەکانی بلاو کردنەوەی موخەدیرات بێت ، بۆ فریودانەوەی بیر و بۆچوونی گشتی ، ماشینی کۆشتاری خۆی بە کار دێنێ و سەدان کەس لە قوربانیانی قازانج خوازی سیستەمی گەندەڵی کە خۆی بە سەر خەڵك داسەپاندووە و هۆی هەموو چارە ڕەشیەکانە ، ئیعدام دەکات . و لەم نێوانەدا هەم ئیدعای خەبات دژی مەوادی موخەدیری هەیە و هەم بلاوکراوانی ئەسڵی موخەدیرات کە کەسانێك جگە لە سەرکردەکانی ڕێژیم نین بتوانن بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بێ دڵەراوکەیی موخەدیرات بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن . کۆماری ئیسلامی نەك تەنیا نایهەوێ دژی موخەدیرات خەبات بکات بەڵکو بلاوکردنی موخەدیرات وەك یەکێك لە ئامرازەکانی دەسەلاتداریەتی نکبەت باری سەرمایە لە چارەڕەشی

بڕوانە لاپەرەی ١٠

چەکوچ خوێنی من لە
دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە
دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی ڕەشەمە

محەمەد ڕەحیم سەماعی
مەهدی ئەسحاقی
فرەیدون ئەفشار زادە
سەعید عەقیقی
غولام ڕەزا باقری ئاق بابا
جەلیل حەوازی نەسەب
ڕەشید حەسەنی بزورگ ئاباد
عەلی خەلیقی
سەبا بیژەن زادە
بەهنام ئەمیری دەوان
مەسعوود ئەحمەد زادە
شاپوور تەقەروبی
عەباس مفتاحی
مەجید ئەحمەد زادە
مەجید سەوالانی
حەمید تەوەکۆلی
غولام ڕەزا گەلووی
بەهمەن ئاژەنگ
سەعید ئاریان
عەبدولکەریم حاجیان سێ پلە
موجتەبا خورەم ئابادی
ناسر نەجم ئەلدینی
قودرەتوللا ئەرجومەندی
عەبدول ڕەزا کەلانتەری نیستانەکی
عەبدول مەناف فەلەکی
داوود ئەمیر ئەحمەدی
عەلی ڕەزا ناب دڵ

یەحیا ئەمین زادە
جەعفەر ئەردەبیل چی
محەمەد عەلی تەقی زادە
ئەسغەر عەرەب هەریسی
ئەکبەر موعەید
عەلی نەقی ئارەش
حەسەن سەرکاری
محەمەد ڕەزا بەهکیش
نزام
حەمید ئازادی
عەباس
جەعفەر پەنجە شاهی
محەمەد عەلی موعتەقد
جەواد غەفوریان
ئەحمەد غولامیان ( هادی )
عەلی ئەکبەر سەفایی فەراهانی
جەلیل ئەنفرادی
ئەحمەد فەرهودی
ئەسکەندەر ڕەحیمی مسچی
هادی فازلی
ئیسماعیل موعینی عراقی
شوعا ئەلدین موشیدی
هادی خودا بەندە لەنگرودی
عەباس دانش بەهزادی
محەمەد عەلی موحەدس قەندچی
غەفور حەسەن پوور ئەسیل
هوشەنگ نەیەری

ناسر سەیف دەلیل سەفایی
تەیمور سەتاری
مەنسوور سەعیدی
ئیقباڵ تاهیر خو
بەها ئەلدین نگەهداری
خسرەو قەرەداغی
سیروس خوردە بین
ئەمیر ئەحمەد خەشایار
حەمید ڕەزوان
محەمەد ڕەفیعی
عەباس زارع
فەرهاد سولیمانی
سەعید سولیمانی
حشمەتوللا شەهبازی
یەعقووب شوکرولاهی
فەرزاد قاعیمی
فەریبورز کشاوەرز
فرەیدون کوهزادی
مەنوچەهر مومەیز
ئەمیر



بگذار بذر تیر
بروید چون جنگلی
در آفتاب خون

## شبانه

احمد شاملو

اگر که بیهده زیباست شب
برای چه زیباست
شب
برای که زیباست ؟ -
شب و
رود بی ا نحنای ستارگان
که سرد می‌گذرند .
و سوگواران دراز گیسو
بر جانب رود
یاد آور کدام خاطره را
با قصیده‌ی نفسگیر غوکان
تعزیتی می کنند
.
به هنگامی که هر سپیده
به صدای هماواز دوازده گلوله
سوراخ
می‌شود ؟
*
اگر که بیهده زیباست شب
برای که زیباست شب
برای چه زیباست شب ؟



# یادی فیدایی شەهید هاوڕێ مەسعوود ئەحمەد زادە لە ئیرادەی پۆلائینی پرولەتاریا هەردەم زیندووە !

ڕۆژی یانزەهەمی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی ( ١٩٧١ی زائینی ) ڕژێمی شا ، یەکێك لە مەزنترین ڕێبەرانی ئێمە لە گەڵ ٩ هاوڕێ فیدایی‌تر دایە بەر دەستەکانی ئیعدام . ڕژێمی شا مەسعوود ئەحمەدزادە ، یەکێك لە تیئوریسیەنەکانی خۆڵقێنەر و ڕێکخەرەکانی مەزنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێرانی دایە بەر دەستەی ئیعدام . بەلاَم ناوبانگی مەسعوود ئەحمەدزادە ، وەك ڕێبەری مەزن ، تاکو ئەو ڕۆژە لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دەنگی دابوو. ئەگەر چی مەسعوود لە بەهاری لاوی و لە تەمەنی ٢٥ ساڵان دا ، بە دروشمی بژی کۆمۆنیزم شەهید کرا ، بەلاَم زۆر پێش لەوێ بە هۆی هێزی خۆڵقێنەری خۆی ناوی خۆی بە کۆمۆنیزمەوە گرێ دابوو. مەسعوود بە خۆڵقێنەری بێ وێنە و تێ‌گەیشتنی بنەڕەتی لە بابەتەکانی شۆڕشی ئێران و لە کۆسپەکانی ئەساسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە قۆناخەکانی ژیانی خۆی ، هێلێکی نوێی لە بەرانبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران کردەوە و خۆی یەکەم هەنگاو لەم ڕێگایە هەڵگرتبوو. مەسعوود بە هێزی ئیرادە و بیر کردنەوەی قوولی خۆی ، جووڵانێکی توندی دایە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و ئەساسی جووڵانەوەی داهاتووی ئەو دارشت. بە پێچەوانەی بیر کردنەوەی ئینسان کوژانی ڕژێمی شا ، یادی مەسعوود بۆ هەمیشە زیندوو بوو . ناوی مەسعوودیش بە سەر ئاڵای خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران داکوترا بوو . ناو و یادی هاوڕێ مەزن مەسعوود ئەحمەدزادە ، کۆمۆنیستی فیدایی پڕ لە هەست ، ڕێبەری توانا و خۆڵقێنەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە ئیرادەی پۆلائینی چینی کرێکاری ئێران بۆ ڕزگاری و سوسیالیزم هەتا هەتایە زیندووە .

سعوود وەك تیئوریسیەنێکی مەزنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران و لە بناغەدانەرانی تیئوریکی ڕێکخراوی ئێمە دەزانی کە تێ‌گەیشتنی بنەڕەتی لە ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری و کۆمەلاَیەتی کۆمەڵگا تەنیا بە پاڵ دان بە زانستی تیئوریك و لە بەر چاوگرتنی ئەوانەی کە دەبینردێت و ئەزموونەکانی بلاَوە کراو ، بە بێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی یەك دەست و زانستی ، ناتوانی وەك شێوازێکی زانستی مارکسیستی کەڵکی لێان وەر بگرین . بۆیە هاوڕێانی بناغەدانەری ڕێکخراوی ئێمە و بە تایبەت مەسعوودیش لە سەر ئەم بابەتە سوور بوون کە هەر دیتن و ئەزموونێك لە بارودۆخی چینی کرێکاری ئێران و هەر ئەزموونێکی عەینی لە هەڵ و مەرجەکانی ئابووری کۆمەڵگای ئێران ، ئەگەر بیهەوێت لە بواری زانستی سەرچاوەیەکی جێگای متمانە بۆ کەڵك لێ وەرگرتن بێت ، دەبێ لە ئاستی تەنیا دیتن دەربچێ و لە گەڵ بە کار هێنانی ڕوانگەی دیالکتیکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگێندرێت و بە کەڵك وەرگرتن لە سەرژمێری ، شی بکرێت و لێکبدرێتەوە و ئاکامەکانی وە دەست هاتوو وەك لێکدانەوەیەکی یەك دەست کۆ بکرێت و لە کۆتایی دا وەك مەوادی سەرەتایی تیئوریك لە دیاریکردنی شێوازی پراتیکی ، کەڵکی لێ وەر بگرێت .بۆیە پاش تێپەڕ بوونی زۆرتر لە نیو سەدە لە ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و ئیستایش تەنانەت پاش تێپەڕ بوونی نێزیك بە یەك سەدە ژیانی ئەم بزووتنەوەیە و بە لە بەر چاوگرتنی هەستان و دابەزینی زۆری لە ڕەوتی تێپەڕ بوون بە سەر ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری _ کۆمەلاَیەتی ، بەلاَم لە مەودای ئەم مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوەدا بە شانازیەوە دتوانین بڵێن کە تەنیا یەك جار و ئەویش بە دەس پێ کردنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ، ئەم بزووتنەوەیە توانی بە ڕەخنەگرتنی مارکسیستی لە ڕابردووی خۆی و وەرگرتنی ڕاست و دروستی ئەزموون لە هەڵەکان و لابردنی کەم و کۆڕیەکانی بگاتە لوتکەیێکی بەرز و پراتیکی شۆڕشگێڕانەی خۆی بکاتە تەنیا پراتیکی



ئەساسی و سەرەکی ، بە هێز و بزوێنەری کۆمەڵگای ئێران . تەنیا لە یەك کاتدا لە ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانین ببینین کە ڕوانگەیێکی یەك دەست و شۆڕشگێڕانە بە هێزێکی بەرچاو توانی ببێتە کانگای ڕاکیشان و ناوەندی یەکگرتنی هەزاران کۆمۆنیستی گیان فیدا و شۆڕشگێڕ و ببێتە هۆی ڕێکخستنی ئاوا بزووتنەوەیێکی ئاڵوگۆڕ پێ کەرێك کە وێنەی ئەو لە بواری چۆنیەتی و چەندیەتی و لە بواری بەر بلاَوی و خۆشەویستی لە نێوان کرێکاران و زەحمەتکێشان ، ڕوناکبیران و خوێندکارانی زانکۆ و قۆتابخانەکان لە هیچ جێگایێکی ئەم مێژووە سەد ساڵەیە نابیندرێت . بە ڕاستی شتێك جگە لە تیئوری شۆڕشگێڕانە لە سەر ئەساسی تێ گەیشتنی قوول و بنەڕەتی سەبارەت بە بابەتەکانی ئابووری _ کۆمەلاَیەتی _ سیاسی و فەرهەنگی و پەیوەندیەکانی بەر هەم هێنان و لە ئاکام دا هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخی کۆمەڵگا لە بوارە جۆر بە جۆرەکانی و ڕوانگەیێکی ڕەخنەگرانە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و پاشان پراتیکی شۆڕشگێڕانە بوو کە هاوڕێانی ئێمە و هاوڕێ مەزن مەسعوود ئەحمەدزادە توانیان بە ئاشکرا کردنی پڕ لە ورەی مانیفستی خۆیان بە سیستەمی داسەپاو ، بنیاتی ئاوا خەباتێك دابنەن کە هەموو هەڵسەنگاندنەکانی درێژ خایەنی بورژوازی و ئیمپریالیزم تێك و پێك بدات و هاوسەنگی چینایەتی بە کردەوە بە قازانجی چەوساوەکانی کۆمەڵگا بگۆڕێت؟ لە دیدی هاوڕێ مەسعوود و هاوڕێانی فیدایی ناوەڕۆکی فەلسەفەی زانستی ڕەخنەگرتنی زانستی ڕاستیەکان بوو ، ئەوان بە شێوەیێکی بنەڕەتی تێ‌گەیشتە بوون کە ئەرکی ئەساسی و سەرەکی کۆمۆنیستەکان ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا ، دەوڵەت و ڕەخنەگرتن لە سیستەمی نکبەت باری سەرمایەداریە.و بە شێوەیێکی ئەساسیش بە پێچەوانەی

کۆمۆنیستەکانی هاوچەرخی خۆیان ، کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی پڕ لە چەوساندنەوەی ، دەوڵەت و دەسەلاتی چەوسێنەرانەی بە شێوەیکی پراتیکی دایانە بەر رەخنە و بە ووتەی مارکس کە دەڵێ :
چەکی رەخنەگرتن ناتوانێ جێگای رەخنەگرتنی چەك بگرێت ، کینەی مادی دەبێ بە هوی کینەی مادی بڕووخێ ، و تەنانەت تیۆری ، کاتێك کە لە ناو کۆمەلانی خەڵك بلاو بوو ، دەبێتە هێزی مادی .
بۆیە هاورێ مەسعوودیش لە کتێبی ((خەباتی چەکدارانە هەم ئیستراتژی ، هەم تاکتێك )) ئەرکی شۆرشگێرانی کۆمۆنیست بۆ تێگەیشتنی شۆرشگێرانەی سەرجەم کۆمەلانی خەڵك ئاوا دیاری دەکات :
(( ئەم بریارە بە شێوەیکی ئەساسی دروستە کە هەر کات کۆمەلانی خەڵك لە تێگەیشتنی شۆرشگێرانە بەهرەمەند بن ، لە سەر زەمینەی هەل و مەرجەکانی مادی کۆمەلانی خەڵك ، دەبێتە هێزێکی مادی مەزن ، تەنیا هێزێك کە دەتوانێ ئالوگۆر بە سەر کۆمەڵگا پێك بێنێ . بەلام پرسیار هەمیشە ئەمە بووە کە چۆن دەتوانێ ئەم تێگەیشتنە ببردرێتە ناو کۆمەلانی خەڵك ؟ ))

بیرو بۆچوون و تێگەیشتنی هاورێ مەسعوود و بناغەدانەرانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران لە هەل و مەرجی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئێران نەك لە بە کار هێنانی میکانیکی بریارەکانی مارکسیسم ، بەڵکو بە پراتیکی عەینی خۆیان تەجروبەیان کرد و سەلماندیان . بۆ ئەوان ناوەرۆکی بیرکردنەوەی مارکسیستی لێکدانەوەی دیاریکراو لە راستیەکانی دیاریکراو بوو ، بەلام دروشم و نیشانی کۆمۆنیست بوون نەبوو ، بەڵکو تێ دەکۆشان تاکو ئەم ئەسڵە سەرەکیە لە هەر تز و تیۆری خۆیان بە کار بهێنن . و لە کۆتاییدا روانگەی هاورێ مەسعوود سەبارەت بە خەباتی کینەیی و چەکدارانەی پێشرەوی فیدایی بە دەس پێ کردنی حەماسەی سیاکەڵ و بناغەدانانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە ئێراندا بە شێوەیکی کورت ئەمەیە :
(( ئامانجی خەباتی چەکدارانە لە سەرەتاوە ، نەك لێدانی زەبری نیزامی بە دوژمن ، بەڵکو لێدانی زەبری سیاسی بە دوژمنە . ئامانج ئەمەیە کە بە شۆرشگێران و خەڵك رێگای خەبات نیشان بدرێت کە لە هێزی خۆیان تێان بگەیێنن ، نیشان بدرێت کە دوژمن زەبری لێ دەکەوێت . نیشان بدرێت کە ئیمکانی خەبات هەیە . دوژمن ئاشکرا بکەین و خەڵك تێ بگەیێنین . و لە هەڵسنگاندنی ئاکامەکانی حەماسەی سیاکەڵ دەنوسێ :
(( ئێمە بینیمان کە بزووتنەوەی سیاکەڵ سەرەرای تەمەنی کورتی خۆی و سەرەرای شکستی خۆی ، چ ورەیکی بە شۆرشگێران و خەڵك بەخشی و هیواداریان کرد و ئەمە پێش لەوێ بوو کە چریکی شار بتوانێ خەباتی چەکدارانەی خۆی دەس پێ بکات .))

(( یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار ))

## چە پەکانی ئوروپا، هۆیەکانی شکستی ئەوان و رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە

شکستی سوسیالیستەکان ( چەپەکان ) لە بەرانبەر حیزبە راستەکان لە هندێك لە ولاتانی ئوروپا نەك بەرهەمی نەبوونی پەیوەندی گرتنی ئەحزابی چەپ و نەك ئاستی نزمی پێ راگەیاندن و نەك تەنیا جیابوونەوەی بەشێك لە ئەحزابەیە ، بەڵکو هۆکاری شکستی ئەوان دەبێ پێش لە هەموو شت لە شێوازی یەکجار لیبراڵی و ریفورمیستی ئەحزابی ((چەپ )) بدۆزینەوە. چەپەکان نەیانتوانی وەك ئەحزابی تری بورژوازی ئوروپا بە خێرایی خۆیان لە گەڵ رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە رێك بخەن . قەید و بەندەکانی سەرچاوە گرتوو لە شێوەی بیر کردنەوە و پەیوەندیەکانی دەست و پێ گیری حیزبی لە ناوخۆی (( چەپ )) بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە بەرانبەر خێرا بوونی رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە رفلکسی گونجاو لە خۆیان نیشان نەدەن . لە لایکی دیکەوە رەوتی خسوسی کردنیش باروودۆخی کرێکاران تووشی ئالۆزی دەکاتەوە .حیزبی سوسیالیست و کۆمۆنیستەکان (( چەپ )) ی ئوروپا نەك تەنیا هیچ وەلامێکی مەعقولیان بە کرێکاران نەداوە و نەك دەتوانن پالپشتێکی جێگای متمانە بۆ بورژوازی پەرە ئەستێنەر بژمێردرێن . زۆربەی پێکهاتی حکومەتەکانی سوسیال– دیموکراتەکان لە ئوروپا تێکەلاوێك لە بیر و بۆچوونەکان و کەسایەتیەکانی جۆر بە جۆرە وەك تێکەلاوێك لە کەسایەتیەکانی توند رەو ، رەگەز پەرەست ، لایەنگری توند و تیژی تاکو کەسایەتیەکانی ریفورمیست و لیبراڵ . بۆیە لە سیستەمی حکومەتی سوسیالیستەکان بە رادەیکی کە بەس بێت پسپۆر و کەسایەتیەکانی وەفادار بە سیستەمی جیهانی بوونی سەرمایە لە دەزگاکانی حکومەتی هەیە . ئەوان هەڵسنگاندنی خۆیان نەك لە سەر ئەساسی قازانجەکانی حیزبە سوسیالیستەکان و هاوپەیمانانیان ، بەڵکو لە سەر ئەساسی قازانجەکانی چینی دەسەلاتدار واتە بورژوازی گەورە لێکدەدەنەوە .

لە روانگەی ئەم کەسانەی کە بیر و بۆچوونێکی وایان هەیە ، بۆ خۆ رێك خستن لە گەڵ رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە ، شێوەکانی نوێ لە دیکتاتوری و ئیستبدادی حکومەتی پێویستە. ئاوا سیستەمێك لە هەنگاوی یەکەم دا (( چەپ ))ی ئوروپا نیە . لەوانەیە پاش چەند ساڵ تەمرین و مەشق کردن دیسان سوسیالیستەکان بە فێلێکی تر بێنە گۆرەپانەوە ، بەلام سەرجەم هۆکارەکان و لێکدانەوەی قازانجەکانی چینەکانی دەسەلاتدار ئەمرۆکە ئەوانی پەسند و قبول نەکردووە . لە لایکی دیکەوە (( چەپ )) لە ساڵەکانی رابردوو بە رادەیکی بەس لە پێگەی خۆی دوور کەوتووە و متمانەی خەڵك بە نیسبەت خۆی لە دەست داوە بە شێوەیك کە جارێك لە هاوسەنگیەکانی سیاسی

بایەخی زۆریان بۆ دانانن . ڕەوتی پەرە ئەستێنەری جیهانی بوونی سەرمایە بووەتە هۆی ئەمەی کە قەیرانی سیاسی _ ئابووری و دژایەتیەکانی چینایەتی قووڵتر بێت . پەیدا بوونی پێکهاتی دانیشتووانی قەراخ شارەکان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی ، نەبوونی ئەمنیەتی کاری ، زۆرتر بوونی ڕادەی بێکاری ، نەبوونی بەرنامە و بودجەی پێویست بۆ جێگیر کردنی کۆچ کردوان لە ئاستی ژیانی بە ڕەسمی ناسراو لە ئوروپا ، لەو بابەتانەیە کە سیما و ڕووخساری ئەم کۆمەڵگایانەی گۆڕیوە . لە مەودای دوو دەیەی ڕابردوو ئەحزابی سوسیال– دیموکرات بە شێوەیکی گشتی بە دانی دروشمەکانی فریوکارانەی دیفاع لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا ، ئازادی و دیموکراسی توانیانە ڕەقیبەکانی حکومەتی خۆیان لە ئەحزابی ڕاست وە لانن .

بە پێچەوانەی وەعد و بەڵێنەکانی پێش لە هەڵبژاردنەکان ، لە وڵاتانێک کە سوسیال – دیموکراتەکان بە دەسەڵات گەیشتوون ، بچووکترین گۆڕانکاری لە کۆڵەکەکانی ئابووری و سیستەمی کۆمەڵایەتی سیستەمی ئەحزابی ڕاست پێك نەهێناون . ئەحزابێک وەك حیزبی سوسیالیستەکان کە نێزیك بە دوو دەیە دەسەڵات بە دەستیان بوو و لە سوسیالیزم تەنیا ناوی ئەو بە سەریان دانرا بوو بەڵام لە پرۆگرام و سیستەمی دیموکرات – مەسیحیەکان پەیڕەوی دەکردن ، ئێستا بە خێرا بوونی ڕەوتی جیهانی بوونی سەرمایە سیاسەتەکانیان کۆن بووە و کاریگەری خۆیان لە دەست داون . لە یاری دەسەڵات لە دوو دەیەی ڕابردوو ئەحزابی سوسیالیست هەموو کات لە پشتیوانی ئەحزابی کۆمۆنیست و ئوروکۆمۆنیستەکان بەهرەمەند بوون ، ئەگەرچی لە کۆتایی ئەم یاریە ئەحزابی سوسیالیست بە شێوەیکی ڕێژەیی جێگا و شوێنی خۆیان وەك حیزبێکی ڕەقیب لە گۆڕەپانی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان پاراستووە ، بەڵام ئەحزابی کۆمۆنیست و ئوروکۆمۆنیستەکان بە داخستنی ئاڵا و چاوپۆشی کردن لە ئوسوڵ و بۆچوونەکانیان شتێك بۆیان نەماوە تاکو لە یاریەکانی دوایی دا بەشدار بن . لە ڕەوتی بزووتنەوەی دژی جیهانی بوونی سەرمایە بە تایبەت لە ئوروپایە کە ڕەوتەکانی چەپ بە شێوازی نوێ و جیاواز لە تیئوری و پراتێکی ئەحزابی چەپی پێشوو سەر هەڵدەدەن و خۆیان لە گەڵ خەباتی پەرە ئەستێنەری دژی سەرمایە ڕێك دەخەن .

## بڵاو کردنەوەی موخەدیرات و چارە ڕەشی و ئیدیعای خەبات دژی ئەو

تا ئێستا سەدان یاسای (( خەبات دژی موخەدیرات )) لە کۆماری ئیسلامی پەسەند کراوە کە سەرجەم ئەم یاسا پەسەند کراوانە تایبەتە بە ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن . بەڵام نەك ڕادەی ئەم کەسانە بەم کۆشتارە وەحشیانەیە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دانەبەزیوە ، بەڵکو ڕۆژ بە دوای ڕۆژ دا بە ڕادەی ئەوان زیاتر دەبێتەوە و هەموو کەسێك دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی سەرچاوەی بڵاو بوونەوەی هەموو شتەکانی خراپ و نەفرەت لێکراوی سیستەمی سەرمایەداری ئەویش بە ئاشکراترین شێوەیەتی کە بڵاو کردنەوەی موخەدیراتیش وەك یەکێك لە ئامرازەکانی چارەڕەشی کۆمەڵانی خەڵك و دیل کردنیان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداری ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی وەك سەرخانی سیاسی ئەو هەڵدەسگێندرێت . کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشی تاکو نیشان بدات بڵاو بوونەوەی موخەدیرات لە نەبوونی یاساکانی توند و تیژی زۆرتر لە خەبات دژی ئەم گرفتە گەورە کۆمەڵایەتیە و بۆیە هەر جار کە ئەم بابەتە دەنگ دەداتەوە ، پێ لە سەر ئەمە دادەگرن کە دەبێ توندوتیژی و ئیعدام ئەو کەسانەی کە مەوادی موخەدیر بە کار دێنن زۆر بکرێ.

بەڵام ڕاستیەکان چیە ؟

ئەمەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی ، بە یاسا و بێ یاسا تاکو ئێستا هەزاران کەس لە قوربانیانی موخەدیراتی داوەتە بەر دەستەی ئیعدام و نموونەی ئەم کۆشتارانە ، قەسابخانەکانی ئینسانە کە لە لایەن خەڵخاڵی بەڕێوە چوو . بۆیە ناتوانین بڵێن زۆرتر کردنی ڕادەی ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن دەبێتە هۆی دابەزینی ڕادەی ئەوان و لە ناو چوونی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە .

ئەمەی کە دەبێ بیر لێ بکەین ئەمەیە کە ڕۆژانە هەزاران تەن مەوادی موخەدیر چۆن بڵاو دەکرێتەوە و چۆن و لە لایەن چ دەزگایکی بە هێز بەرهەم دێت و بڵاو دەکرێت ڕاستی ئەمەیە کە تاقمەکانی ئەسڵی بەرهەم هێنانی موخەدیرات و قاچاخ کردنی ئەوان ، نەك تەنیا لە ناوخۆ وڵات بەڵکو ناردنی ئەو بە دووترین شوێنەکانی جیهان هەروا کار بە دەستانی کۆماری ئیسلامین . دۆزینەوەی مەوادی موخەدیر لە جانتەکانی بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەرەوە بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە و هەموو کەسێك پێ دەیزانێ . بەڵام بابەتەکە تەنیا بەم جێگایە بەربەست ناکرێ . ئەمڕۆکە دەبینین کە بەرهەم هێنان و دابەش کردنی موخەدیرات یەکێك لە سەرچاوەکانی گرینگی داهاتی کۆماری ئیسلامیە . بۆیە سەرەرای هەموو دۆزینەوەکانی موخەدیرات لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە نەناسراو دەمێنێ و تەنیا ناوی ئەوانەی کە دابەش دەکەن دەگۆترێ . بەڵام بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە هەروا درێژی هەیە . قاچاخی موخەدیراتیش وەك قاچاخی هەموو شتەکانیتر تەنیا لە دەستی کۆماری ئیسلامیە و دۆزینەوەی ئەم موخەدیراتە تەنیا کاتێك بە ئەنجام دەگات لە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان تاقمەکانی مافیای دەسەڵاتدار بەرز دەبێتەوە و هەر تاقمێك تێ دەکۆشی تاکو پەرە بە سنووری چالاکی خۆی بدات .

پاشماوە ، بڕواننە لاپەرەی ٥

# ووشەی سیاسی

## ئایدولۆژی ( Ideologie )

ئایدولۆژی بریتیه له سیستەمی بیر و بۆچوونەکانی سیاسی ، حقووقی ، هونەری ، ئائینی ، فەلسەفی و بۆچوونەکان له بواری ئەخلاق .

ئایدولۆژی بەشێکه له سەرخان و تایبەتمەندێکی چینایەتیی هەیه و بۆیه له دوائین لێکدانەوەکان ، پێوەندیەکانی ئابووری– ژێرخانی کۆمەڵگا وەدەر دەخات . له کۆمەڵگایێك که به چینەکانی دژ به یەك دابەش کراوه ، یەکێك له شێوازەکانی خەباتی چینایەتی ، خەباتی ئایدولۆژیه . قازانجی چینەکانی دواکەوتوو و روو به مەرگ و نەمان حوکم دەکات که ڕاستی و حەقیقەت له ژێر پێ دابنرێ و هەر بۆیه ئایدولۆژی ئەم چینانه راستەقینه و زانستی نیه . به پێچەوانه قازانجی چینەکانی پێشکەوتوو و شۆرشگێر یارمەتی دەداته پێکهاتنی ئایدولۆژێك که نیشاندەری راستی و زانسته . مارکسیزم– لینینیزم ئایدولۆژێکی زانستی و راستەقینەیه که نیشاندەری قازانجەکانی چینی کرێکار و زۆربەی هەره زۆری کۆمەڵانی زەحمەتکێش و مرۆڤایەتی خوازیاری ئاشتی ، پێشکەوتن و ئازادیه . فیلسوفەکانی بورژوا ئاوا پروپاگەندێك بڵاو دەکەنەوە که گوایه بوونی ئایدولۆژێك به پێچەوانەی ئایدولۆژی ئەوان ، دژایەتی دوور له زانست له گەڵ بابەتەکان و راستیەکانه . ئەوان ئایدولۆژی وەك بابەتێکی به تەواوەتی زەینی ، به بێ ئەساسێکی عەینی و ئاکامی بۆچوونی گروپ یان تاقمەکانی حیزبێکی تایبەتی زانیون و دەڵێن که دەبێ فەلسەفه و زانست له هەر چەشنه ئایدولۆژێك جیا بکرێتەوە (( ئەوەی که به لابردنی ئایدولۆژی یان desideologisation ناسراوه . )) . ئاکامی ئاوا شێوەیێك جگه لەوێ نیه که به شێوەیێکی دەستکرد زانست و فەلسەفه له خەباتی چینایەتی و له راستیەکانی کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە . ئامانجی ئەسڵی لەم شەڕە ، له ناو بردنی پێویستی بوونی ئایدولۆژی مارکسیزم– لینینیزم ، واته تەنیا ئایدولۆژی به راستی زانستیانەیه . پەرەساندنی ئایدولۆژی ، ئەگەر چی پەیوەندیی هەیه به پێوەندیەکانی ئابووری ، بەڵام له هەمان حاڵدا له سەربەخۆیی رێژەیی بەهرەمەنده . نموونەی ئەم سەربەخۆئیه رێژەئیه به تایبەت لەم بابەته دەبینین که ناوەرۆکی ئایدولۆژی ناتوانین راستەوخۆ له گەڵ هۆیەکانی ئابووری لێك بدەینەوە . هەروا پەرەساندنی هۆکاری ئابووری و ئایدولۆژی هاوکات و له یەك ریزدا نیه . سەربەخۆیی رێژەیی ئایدولۆژی لەم بوارەیشدا هەیه که پەرەساندنی ئایدولۆژی له سەر گۆرانکاریەکانی ئەم سیستەمه بیر و بۆچوونانه هندێك هۆکاری جگه له هۆکارەکانی ئابووری کاریگەریان هەیه و به شێوەیێکی ئەساسیدا له ناوەرۆکێکیتر بەهرەمەندن . وەك کاریگەری شێوەکانی جۆر به جۆری ئایدولۆژی له سەر یەکتر ، و ڕۆڵی تایبەتی ئەم یان ئەو ئایدولۆگ و . . . هتد .

## بایکۆت ( Baycottage )

ئەم ووشەیه دەتوانین (( یاساخ )) وەرگێرین و مەبەست لەو شێوازێکی خەباتی سیاسی یان ئابووریه که بریتیه له پچرانی پێوەندی له گەڵ کەسێك ، رێکخراوێك یان دەوڵەتێك . بۆ نموونه کاتێك دەڵێن ( خەڵك کەرەسەکانی بیانیان بایکۆت کردووه ) مەبەست ئەمەیه که خەڵك کەرەسەی ئەوان ناکرن ، یان بۆ نموونه بایکۆت کردنی ئەفریقای باشوور له کاتی دەسەڵاتداریەتی رێژیمی رەگەز پەرەست به مانای پچرانی پێوەندی له گەڵ ئەو بوو . یان نموونەیێکیتر : له گەرەکێك دا کاتێك خەڵك بۆیان دەردەکەوێ که کەسێك خائینه و ڕاسپاردەی پۆلیس یان پۆلیسی نهێنیه ، ئەو کەسه بایکۆت دەکەن واته له قسه کردن و هەر چەشنه پێوەندێك له گەڵ ئەودا دووری دەکەن . ئاشکرایه که بایکۆت کردن دەتوانێ پێشکەوتووانه و یان دواکەوتووانه بێت و ئەمه پێوەندیی هەیه به ئەوەێ که ئەم شێوه خەباته دژی چ کەسێك و بۆ چ مەبەستێك جێ به جێ بکرێت و له خزمەتی قازانجەکانی چ کەسێك بێت . ئەو نموونانەی که باسمان لێیان کرد شێوازێکه له بایکۆتی پێشکەوتووانه ، خەباتێکی سیاسی یان ئابووری باش به قازانجی خەڵك و زەحمەتکێشان . بەڵام ولاتانی ئیمپریالیستی و هەروەها کاربەدەستانی دامەزراوەکانی سەرمایەداری له گەڵ به کار هێنانی ئەم شێوازه دژی وڵاتانیتر و زەحمەتکیشانی سەرانسەری جیهان مەبەستی خراپی خۆیان له حەق چەوساوەکانی جیهان جێ به جێ دەکەن . ئەم ووشەیه له ئەساسدا ناوی ئەفسەرێك بوو که له ناکۆکیەکانی نێوان بەریتانیا و ئیرلەندا له سەر سەربەخۆیی میللی ئیرلەندا له رێگای یاساخ کردنی کەرەسه و کەسەکان له خەباتی میللی بەشداریی کرد و داهێنەری شێوەیێك بوو که پاشان به ناوی ئەو ناسرا .

### پاشماوەی بڵاوکردنی موخەدیرات و . . .

( لا پەرەی ٥ )

کۆمەڵانی خەڵك و سستی و دیل کردنیان به پێویست دەزانێ . زیاتر کردنی ماڵ و سامانی سەرمایەداران له گیرۆی زۆرتر بوونی موخەدیرات ، لەش فرۆشی ، و هەزاران دەرد و بەڵا و چارەرەشیه که سیستەمی سەرمایەداری تووشی خەڵکی کردووه . تەنیا به نەمان و رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و له ناوچوونی چەوساندنەوەی مرۆڤـ به دەستی مرۆڤـ و قازانج خوازی بێ سنووری سەرمایەداران و پارێزەرانی ئەوانه که نەسڵی مرۆڤـ خۆی له قەید و بەندی هەزاران نکبەتێك که ژیانی ئەو بەرەو نەمان و وێرانی دەبات رزگار دەکات . ئەو کاتەیه که مرۆڤـ ناچەوسێندرێتەوە و خۆی خاوەن دەس رەنجی خۆی دەبێ و تالان و دزی مانای خۆی له کۆمەڵگا له دەست دەدات .

ناو نیشانی رێکخراو له سەر توری ئینتەرنێت :
www.fedayi.org
ناونیشانی پوستی ئەلکترونیکی رێکخراو :
webmaster@fedayi.org

ارەی فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی رێکخراو
046317792571

**برووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**